# تیۆری ئەدەبی..... شوێنەکەی..... دیاریکردنی

حنا عبود

وەرگێڕانی: ئیدریس کەریم محەمەد

پێش هەموو گفتوگۆیەک لەگەڵ لایەنگرانی ئەم تیۆرەدا و لەسەدەی بیستەم، پێویستە مانای زاراوەی ((تیۆری ئەدەبی)) دیاریبکەین، بۆ یەکەمجار ئەمە شتێکی تازەبوو، لە کاتێکدا بیریاران هەر لە سەردەمی ئەرستووە دانەبراون لە بیرکردنەوەی ئەم زاراوەیە و توانایەکی زۆریان خستووەتەگەڕ بۆ دیاریکردنی. بیریارانی سەدەکانی ناوەڕاست زۆر ئاگایان لە تیۆری ئەدەبی نەبووە بەقەدەر ئەوەی سەرقاڵی کاروباری لاهوتیەت و کەنیسە و پەرستن و ڕەوشتناسی بوون، بەڵام بیریارانی سەردەمی ڕێنیسانس بابەتە کۆنەکانیان ژیاندۆتەوە وەک دژەکردارێک (رد فعل) بە ئاراستەی بیری توندی ئایینی، بەڵام بیری یۆنانی لە شێوەی دەستتێوەدانێکی ئاڵتونیی دەچوو بۆ ئەم بابەتە، وە سەرئەنجام بیری ئەوروپی سەراپا گەشەی لێوەکرد، دواتر بیری داروینی و بیروڕاکانی گەشەکردن وەک دژەکردارێک دەرکەوت بەرامبەر ڕێنیسانسیەکان، ئەدیبەکان سودیان لەم بیروڕایانە وەرگرتووەو بینیویانە کە ئەمانە بنچینەیەکن بۆ (تیۆرەکە) هەروەک تیۆری ڕۆحی پاک و ئابوری و هەر سێ قۆناغەکە کە بە قۆناغی پۆزەتیڤیی (الوضعی) ناسراوە، بەڵام

بۆچی ئەو ئەدیبانە هەوڵی دۆزینەوەی تیۆرێکی ئەدەبیی پوخت نادەن؟ ئەم تیۆرانە تیۆری شیکاریی نەبوون بەشێوەیەک کە دەیانبینین لە تیۆری شێوەخوازەکان (الشكلانيون) یان بنیادگەرەکان (البنيويون)..... هتد دا، بەڵام ڕۆمانسیەت هەوڵی هێنانی تیۆرێکی دژەتیۆری کلاسیکی نوێی داوە. هەروەک تیۆری ئیمپریشن (Impressionism ـ الانگباعيه) هەوڵی هێنانی تیۆرێکی تەواوی داوە کە ئەنجامی ڕووبەڕووبونەوەی تاک بێت بۆ کاریگەری ئەدەبیی بەڕووبەڕووبونەوەیەکی ڕاستگۆیانە. (تین) بەهەموو گروتینێکەوە هەوڵی داوە تیۆرێکی هاوشێوەی تیۆری پۆزەتیڤی (ئۆگەست کۆنت) دابنێت، یان بەشێوەیەک هەوڵی جێبەجێکردنی تیۆری کۆمەڵایەتی داروینی داوە لە ئەدەبدا. (تین) کاریگەری ئەدەبیی بەستووەتەوە بە چەرخ و ژینگە و ڕەگەزی نەتەوەییەوە. ئەوەی جێگەی ئاماژەپێدانە ئەوەیە بیرکردنەوەی ئەدەبیی بە شێوەیەکی تیۆری لە هەموو چەرخێکدا شێوەی دژەکردارە بۆ هەموو بابەتێکی نوێ. ڕێبازی ڕۆمانسیەت و ئیمپریشنی (Impressionism ـ الإنطباعيه) و ئیکسپرێشنی (expressionist ـ التعبيرى)

رۆڵی تاک بەرز ڕادەگرن وەک دژەکردارێک بەرامبەر بە کلاسیکیەکان کە پێیان لەسەر بابەتی نووسراو دادەگرت، بەگوێرەی بابەتێکی تەقلیدی نەوەک بەگوێرەی ئارەزووی تاک، گۆڕانی بیروڕا ئەدەبییەکان لە سەدەی نۆزدە بۆ سەدەی بیست بریتییە لە گوێزانەوەی توانا و لێهاتوویی تاک بۆ توانای لاسایکردنەوە ئەمەش بریتییە لە گەڕانەوە بۆ بیرکردنەوەی تیۆری کلاسیکی نوێ و ڕۆحی تاکیی، کە لە تیۆرە ئەدەبییەکانی سەدەی نۆزدەوە دەستپێدەکات و دواتر لە تیۆرە ئەدەبییەکانی سەدەی بیستەمدا جێگەی نەما، تەنانەت ناو نرا ((مردنی دانەر ـ موت المؤلف)) لێرەوە (ڕۆلان بارت) هەموو تیۆرە ئەدەبییەکان یان ئەو تیۆرە ئەدەبییانەی کە لە سەدەی نۆزدەدا دەرکەوتبون لەناوبرد، بۆ نموونە هیچ نرخێک نەما بۆ تیۆری ((تین)) یان تیۆری (ڕۆمانسیەت) یان تیۆری ئیمپریشنی (Impressionism ـ الإنطباعیە) لەو چوارچێوەیەدا کە (ڕۆلان بارت) بانگەشەی بۆ دەکرد، دەرکەوتنی دەق بریتییە لە (مردنی دانەر ـ یان ـ دووربوونی لێیەوە) هەموو لێکۆڵینەوەیەک بایەخدەدات بە دانەر، یان کات و ڕەگەزی نەتەوەییەوە. ئەوەی سەدەی بیستەمی ناو نا (سەدەی شیکردنەوە) هەستی کردبوو بەوەی کە هەموو ئاڕاستەکان بەرەو (ناوەڕۆک) ی هەموو ماددەکان دەڕۆن، تەنانەت تیۆری زمانەوانیی گەیشتە ئەو پلەیەی کە بانگهێشتی بنچینەی هەموو زانستەکان بەبێ جیاوازی بکات، لێرەشەوە دەبینین کە تیۆری ئەدەبیی لە سەدەی بیستدا لایەنگری هەبوو نەوەک شوێنکەوتوو بوویێت، هەروەک لە سەدەی نۆزدەدا. زانستەکانی مرۆڤناسی و دەروونیی و فەلسەفیی پێی کاریگەر بوون و شوێن پێیان هەڵدەگرت، تیۆری ئەدەبیی نوێ بە ئاوەژووبوونی حاڵەتێکی کۆمەڵگە یان زانستەکان و تیۆرەکانیتر دانانرێت کە بە گۆڕینیان دەگۆڕێت یان بە پێشکەوتنیان پێشدەکەوێت. هەروەها بە بنچینەی لوتکەیی دانەنرا بەڵکو بوو بە بنچینەی ژێر خانی، ئەم بنچینەیەش بەرهەمناهێنرێت، بەڵکو بەرهەمهێنانی خۆی چەند بارە دەکاتەوە، واتە هاوکاتییە، وەکو بنیاد بریتییە لە بەرهەمهێنانی مانا بە شێوەیەکی بەردەوام، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەم تابلۆیە دژە هێزێک بووە بەتەواوەتی بۆ ئەو شێوازەی لەسەری بووە لە سەدەی نۆزدەدا. تەنها هەندێک لە بیرو ڕاکانی سەدەی پێشوو نەبێ کە بەشدارییان کردووە لە پاڵپێوەنانی بیرمەنداندا بۆلێکۆڵینەوە لە ڕێسا یان یاسا یان بنیاد یان ڕێسای زمانەوانی وەکو پۆزەتیڤیزمیەکان (الوضعیین) یان مارکسیەت ـ وە ـ دەرکەوتنی ئەم شێوە ڕێسایانە بریتییە لە سەرکەوتن بەسەر زماندا، نەوەکو سەرکەوتنێک بێت بۆ ئەو، لە سەدەی نۆزدەدا هەوڵی سەروەریکردنی مرۆڤ بەسەر ڕێسادا دراوە، لە کاتێکدا بیری سەدەی نۆزدە زیاتر ڕوویکردە سەروەریکردنی ڕێسا بەسەر مرۆڤدا، وە ئەمەش سۆفستاییەکانمان دێنێتەوە یاد کە دەیانوت: ((مرۆڤ هیچ نییە، تەنها ئەوە نەبێت کە بەرهەمی کۆمەڵێک ڕێسایە، وە هەموو ئەو یاسایانەی کە مرۆڤ دەیەوێت دروستیان بکات دوورە لە ڕێسای سروشتیی کە لە داهاتوودا لە ناودەچێت و وەکو بنچینەی ڕێسایەکی جێگیر دەمێنێتەوە، وە مرۆڤ لەناو دەچێت بەڵام ڕێسا دەمێنێتەوە))، دەتوانرێ بوترێت تیۆری ئەدەبیی نوێ بنچینەی بیری شیکاری ناوەڕۆکیی دانا بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی جێگیری بەهێز، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە هەوڵی پێشینەکان لە ڕۆژگاری یۆناندا دووربووبێت لەو فکرەیە، بەڵکو دەتوانرێ بوترێت تیۆری ئەدەبیی نوێ هەمان تیۆرە ئەدەبییە کۆنەکەیە، وە بابەتەکانیشی هەمان بابەتن کە پێشینەکانی پێوە سەرقاڵبووە، لە زوربەی ڕووەوە لایەنگران و گێڕەرەوەکان (الرواد) ی تیۆری نوێ بابەتە کۆنەکان دەخەنەوە ڕوو، ئەگەر بێتو هاوکۆک بن یان ناکۆکیش بن لەسەری.

تیۆری نوێ بریتییە لە دروستکردن (بنیادنان) لەسەر دروستکردن (بنیادنان)، ئەوەتا چەندین جۆر چوونەسەریەک (التراکمات) پەیوەندی کردووە بە

ڕێسا بنچینەییەکانەوە، لە سەرو بەندی گۆڕانەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەڵام ئەرک و فرمانی بیری نوێ بریتییە لە گەڕانەوە بۆ سەر بنچینەکان، ئەویش بە لابردنی چوونەسەریەکەکان (التراكمات)، دەتوانرێت پرسیاری تازەگەریی لای زوربەی پێشینەکان ببینرێت، بەڵام وەڵامەکانیان لە ئەمڕۆدا قووڵتر و واتا فراوانترن بە بەراورد لەگەڵ پێشتردا، بەڵام هەندێ لە نووسەرەکان وادەبینن کە تیۆری ئەدەبیی ئەمڕۆ نەیتوانیوە وەڵامی هەندێ لە پرسیارە کۆنەکان بداتەوە و لێیلابدات، زیاتر گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی ئەوەی نیشاندراوە، دەتوانرێت نیشانبدرێتەوە بە بێ وەڵامدانەوەی زیاتر، ئەرستۆ بنچینەیەکی بۆ مەرگەسات (التراجيديا) داناوە کە بریتییە لە (هامارتیا) وە ئەرکێکی بۆ داناوە ئەویش ئەوەیە ترس و دڵە ڕاوکێ دەوروژێنێت، ئایا ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ توانیویەتی شتێک بگۆڕێت، یان زیادیبکات، بۆ ئەوەی کە ئەرستۆ لەم بوارەدا وتویەتی؟

بەشی پەیوەندیدار بە بەزمەساتەوە (الكوميديا) لە کتێبی (الشعر)ی ئەرستۆدا کە نادیارە و نەگەیشتووەتە دەستمان، یان باشتر بڵێین ئەرستۆ بنچینەیەکی داناوە بۆ بەزمەسات لە سەر هەمان شێوەی مەرگەسات، هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێ نەیتوانیوە شتێک تۆماربکات بۆ بنچینە لە ناوچوو و نادیارەکە (الاساس المفقود). هەروەها بە هەمان شێوە نەیتوانیوە بنچینەیەک بۆ هونەری کۆمیدیا دابنێت. بە مانایەکیتر تیۆری ئەدەبیی نوێ نەیتوانیوە لە ئەرستۆ لابدات لە لایەک و نەیتوانیوە قەرەبووی بەشی لە ناوچووی کتێبەکەی ئەرستۆ بکاتەوە لە لایەکیتر.

ئەگەر هامارتیا و ئەو ترس و دڵە ڕاوکێیەی کە وروژاندویەتی ئەوە بێت کە تراژیدیای لەسەر بنیاد نرابێت، ئەوا لە سەر چ بنەمایەک کۆمیدیا بنیاد نراوە؟

ئایا دژی هامارتیا و ترس و دڵە ڕاوکێمان هێناوە تا ئەو بنەمایەمان دەستبکەوێت کە کۆمیدیای لەسەر بنیاد نراوە؟!.

تا ئێستا وەڵامی پرسیارەکەمان نەداوەتەوە و وەڵامە ڕاستەکەمان بۆ ئاشکرا نەکراوە کە ئەرستۆ دایناوە. . . ئایا ئەمە گاڵتەجاڕی نییە بۆ ئێمە کە شانازی بە خۆمانەوە دەکەین بەوەی بنچینەی تیۆری ئەدەبیی نوێمان داناوە؟! نەمان توانیوە لە بنچینەکانی تراژیدیا زیاد و کەمبکەین، هەروەک نەیشمان توانیوە بنچینەیەک بۆ کۆمیدیا دابنێین لە دوای لە ناوچوونی بەشێکی ئەو بنچینانەی ئەرستۆ بۆی دانابوو. گاڵتە بە خۆمان دەکەین کاتێک باسی زانستی نوێ و گۆڕانکاری جیۆلۆجی پێش ملیۆنەها ساڵ دەکەین، لە کاتێکدا ناتوانین شتێک سەبارەت بە وتە لەناوچووەکانی کتێبەکەی ئەرستۆ بڵێین و بانگەشەی ئەوەش دەکەین سەرکەوتووین بەسەر ئەو بەرهەمانەدا کە پێشینەکان بۆیان بە جێهێشتووین.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خستنە ڕووی تیۆری ئەدەبیی نوێ لە ئێستادا و بەردەوام پێویستییەکی شیاوە، لە کۆتایی سەدەی ڕابردوو و سەرەتای سەدەی بیستەم چوینەتە ناو چەرخێکی (تازەگەری پیشەسازییەوە)، بێگومان پێویستە پرسیاری (تازەگەری کشتوکاڵیی) بخەینە ڕوو کە یۆنانییەکان بە ئەقڵییەتێکی تۆکمەو زیرەکانەوە دایانڕشتووە نەوەک بۆ پێشکەشکردنی وەڵامەکان کە ئامانجیان سەلماندنی بوونمانە لە بەردەم زلهێزەکانی یۆناندا و بەپێچەوانەی وەڵامەکانەوە کە تازەگەری یەکەم (تازەگەری کشتوکاڵیی) پێشکەشی کردووە، بەڵکو بە ئامانجی دەوڵەمەند کردنی وەڵامەکان دوای ئاشکرابوونە سەرسوڕهێنەرەکان لە سەرجەم بوارەکانی زانست و مەعریفەدا. بە تایبەت دوای ڕوونبوونەوەی بواری پەیوەندی پێویستی بە ڕێکەوت و ڕێسا بەسەرلێشێواوییەوەو ڕاستی بە خەیاڵ و یاساش بە سەربەستییەوە. سەدەی بیستەم دوای ئاشکرابوونی شیکردنەوەی ژیان لە گەردیلەدا و ناوک لە خانەدا وە دوای ئەوەی بۆمان ڕوونبووەوە کە واقیع ئاڵۆزتربوو، تەنانەت لە وەهم

و خەیاڵیشدا وە خەون بریتی بوو لە نهێنی ژیانی واقیعی، دوای ئەوەی کە ئەندازەی بۆماوەیی (هندسە الوراثە) کێشەی نوێی نایەوە لە هەڵسوکەوت و کۆمەڵگەو بیرکردنەوە و ڕەوشتدا.

ئێستا ئێمە لە تازەگەری دووەمدا دەژین و بە هەموو بابەت و لایەنەکانیەوە بەرەو دەرگای تازەگەری سێیەم دەڕۆین کە تازەگەری تەکنەلۆژیای وردە، گومان دەبەین کە تازەگەری شۆڕشی زانیاری ماوەی چارەکە سەدەیەکە دەستیپێکردووە و لە ماوەیەکی نزیکدا دووبارە دەستپێدەکاتەوە و ئەو پرسیارانەی کە ئەمڕۆ دەیانخەینەڕوو، دوای ئەوەی کە هەموو جیهان توانادار بوو لە سەر لغاوکردنی هەر سەدەیەک لە سەدەکانی ناوەڕاست و توانی ڕێچکەی تازەگەری بوەستێنێت، نەوەک بەو شێوەیەی کە ڕوویدا لەگەڵ تازەگەری یەکەمدا کە سەدەی ناوەڕاستی مەسیحی ڕۆژئاوایی وەستانی، سەدەی ناوەڕاست جیهانی داگیر نەکرد، ڕێچکەی تازەگەری وەستان و ڕێگەی گواستنەوەی نەدا بەرەو تازەگەری سێیەم، لە کاتێکدا ئەو سەدانە بۆ ماوەیەکی کەم ئێرە و ئەوێی گرتەوە بە تایبەت لە ناوچەیەکی دیاریکراودا. بەهەر حاڵ ئەو چەرخانە لە درێژبوونەوەی دەستەڵاتیان نەوەستان، لە ڕێگەی گواستنەوەدا بۆ چەرخی سێیەم بەشێوەیەک کەپرسیار و وەڵام دەخاتەوە ڕوو لە داهاتوودا.

لە تازەگەری سێیەمدا، ئەدەب دەزگا جیهانییەکەی خۆی دادەنێت و ناگەڕێتەوە سەر ڕوونکردنەوەی تیۆری ئەدەبیی کە پێشتر هەبووە لە نێوان ڕەخنەگرانی یۆنان و ڕەخنەگرانی عەرەبدا، بۆ نموونە ئەو پێکگەیشتنەی ئەدەب لە نێوان دوو نەتەوەدا نەبووە، بڕوامانوایە زمانی ڕەخنە شتێک لە یەکگرتن و نزیکبوونەوە دەناسێنێت، وەک زمان لە بیرکاری (ماتماتیک) و لە زانستی سروشتی و لە زانستە نوێیەکاندا وەک زانستی کۆمپیتەر، ئەو هەڵەیەی کراوە بۆ خوێندنەوەی زاراوەی ڕەخنەیی لە ئەدەبەکانیتردا، لە داهاتوودا کەمدەبێتەوە، ئەگەر نەمانوت لەداهاتوودا، ئەوا هێواش هێواش بەرەبەرە لە ناوچوون دەچێت و بە تایبەت لە تازەگەری سێیەمدا. . . .

ئیین ڕوشد، ئەوهەڵەیەی کە پێشتر تێی کەوتبوو، بە تایبەت لە کاتی ڕۆچوونی بە زاراوەی یۆنانیدا، دووبارە تێینەکەوتەوە، وە نەیتوانی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، هەروەک چۆن پێویست بوو بۆ جیاکردنەوەی هەردوو ئەدەبەکە لە لاسایکردنەوەیاندا بۆ یەکتری، وە دوورکەوتەوە لەوەی کەلەنێوان هەردوو کولتوورەکەدا هەبوو، ئەوەی تازەگەری یەکەم خستیە ڕووو دەربارەی تیۆری ئەدەبیی، هەمان ئەوە بوو لە تازەگەری دووەمدا خستبوویە ڕوو.

ئەو پرسیارانەی کە خراونەتە ڕوو دەربارەی تیۆری ئەدەبیی، دەتوانین زۆر ئاسانیان بکەین وە هیچ پێویستییەک نییە بۆ ئەو دابەشکردنانەی کە هەندێ لە تیۆرانینکاران پشتیان پێ بەستبوو، وەک دراسەکردنی ئەدەب لە دەرەوە و ناوەوە، یان ئەدەبەکە دەوربدرێت بە کرداری دەق ئاوێزان.

ئەدەب کاڵایەکە پێویستی مرۆڤایەتی بە جێدەهێنێ، کاڵایەکی قۆناغیی نییە، لەبەر ئەمەش پێویستە وریابین لە بەکارهێنانی واتای گەشەکردنی لە سەروبەندی چارەسەرکردنیدا، کاڵایەکی پەیوەستە بە بوونی مرۆڤایەتییەوە لە ناوناچێت، تەنها بە لەناوچوونی نەبێت، ئەویش ئەنجامی دۆخی مرۆڤە کەوا تایبەتمەندە بە ڕەگەزی نێرو مێوە. گریمان ئەدەب بە چەند کاتێکی ڕۆژگاردا تێپەڕیوە، کە لەوکاتەدا مرۆڤ نێرەموک (خنثی) بووە، هەروەک هەندێ لە تیۆرەکان ئاماژەی پێدەکەن.

ئەم کاڵایە دەرناکەوێت بە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ پێویستی پێی نییە، ئەمەش هیچ نرخێکی بەکارهاتوو ناگرێتەوە، باوا دابنێین ڕۆژێک دێت مرۆڤ تەنها هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ نەگرێتەوە، بەڵکو دابەش بێت بۆ سێ ڕەگەز، یان چوار، ئەوا ئەو کاڵایەی ئێستا بەکاری دەهێنین، ئەو کاتە بوونی نابێت، هەتا وەڵامەکان وەڵامێکی یەقینی نەبێت، لەزوربەی کاتدا وادادەنێین کە ئەدەب هەبوویێت لە قۆناغی نێرەموک (خنثی)دا، یان لەقۆناغی چەند ڕەگەزییدا،

که قۆناغێکی خەیاڵییە، ئەوئەدەبە لەم ئەدەبە ناچێت که ئێستا لەبەردەستی ئێمەدایە، ئەدەب کاڵایە و بە کاڵایی دەرناکەوێت تەنها بۆ بەجێهێنانی پێویستی نەبێت.

ئـەم کـاڵایـە بـۆ مـرۆڤ پێویستە وەک ئـاو و هەواو ڕووناکی، لەبەرئەوەش کاڵایەکە پێویستی بەردەوامیی مرۆڤ بەجێدەهێنێت، کاڵایەکی قۆناغیی و وەرزیی نییە، هەروەها کاڵایەک نییە کە سوودی لێوەربگیرێت، هــەروەک چــۆن مــرۆڤ ســوود لە خواردنی مۆز وسێو وەردەگرێت لە کاتی بوونیدا، بریتییە لە بەرهەمێکی سروشتی وەک ئاو و هەوا و میوە، بەرهەمی بارێکی مرۆییە، بەم دوو ڕەگەزەی ئێستایەوە، ئەدەب کاڵایەکی داهێنراوە دەرئەنجامی سروشتی مرۆڤایەتییە، لەسەر ئـەم بنچینەیەش تیۆری ئەدەبیی ئەو هەوڵەیە دەدرێت لە پێناوی دەستکەوتنی ئەو کاڵایە و کێ بەرهەمی دەهێنێت و کێ بەکاری دەهێنێت و ڕێگەی سەرکەوتنی و پێویستی بــازاڕ بــەم کاڵایە و سروشتی بازاڕی ئەدەبیی و یاساکانی....... هتد.

ئەم کاڵایەمان ناوناوە ئەدەب، وە "ئەدەب"یش بەرهەمهێنەرەکەیەتی و "خوێنەر" بەکارهێنەرەکەیەتی و مادده بەرهەمهێنراوەکەش "زمان"ە کە هەڵگری چەند جیاکەرەوەیەکی تایبەتە، بێجگە لە خۆی کەس بەو کارە گرنگە هەڵناسێت. ڕێگەی بەرهەمهێنانیشی شێواز ((أسلوب))ە.... هتد، لەسەر ئەم بنچینەیەش تیۆری ئەدەبیی پێویستی هەیە بە دراسەکردنی ماددەی ئەدەب و بەرهەمهێن و بەکارهێن و ڕێگەی بەرهەمهێنانەکەی، لە کۆتاییشدا ئەرک و فرمان و پێویستییەکەی کە داوای بەرهەمهێنان دەکات.

وتـراوە کانزا (الفلز) کە ئەدەبیی لێپێکهاتووە، بریتییە لە خودی خۆی کە زانستەکەی لێپێکهاتووە، بەڵام ڕێگەی بەکارهێنانی زۆر جیاوازە، ئەمەش ئەوەیە (ڕیچاردز) کە یەکێک بووە لە بانگخوازانی ڕەخنەی نوێ بانگەشەی بۆ دەکرد، تیۆری ئەدەب پەیوەستە بە ئاڕاستەوە بەرەو شیکردنەوەی زمان لە ڕێگەی شێوازی پێشکەشکردنییەوە (أسلوب الاداو) بۆ ئەوەی لەم خاڵەدا زۆر نەوەستین دەڵێین زانست بریتییە لە پێشکەشکردنی شتێک لەسەر حەقیقەتەکەی و لایەنە واقیعییەکانی، بەڵام ئەدەب پێشکەشکردنی ئـەوەیـە کـەوازت لێهێناوە، ئەم شتانە پاشماوەی دەروونمانە. ئێمە لە بەردەم دوو زماندایـن، یان دەڵێین کەوا لە بەردەم دوو ئەرکداین بۆ زمان، هیچ بوارێک نییە بۆکۆکردنەوە لە نێوانیاندا بۆ ئەم تیۆرە ئەدەبییە. کاتێک تیۆری ئەدەبییمان دیاریکرد ((مـادده ـ بەرهەمهێن ـ بەکارهێن..... هتد)) ئەوا شوێنەکەیشیمان دیاریکردووە، بەمەش جیاواز دەبێت لە مێژووی ئەدەبیی و خوێندنەوەی ئەدەبیی (الدراسە الادبیە)، بـەڵام لە هەمان کاتدا پەیوەندی ناپچڕێنێت، نە لەگەڵ ڕەخنە و نە لەگەڵ خوێندنەوەیدا. . . . . ئەوە تەنها سوود وەردەگرێت لـە هـەمـوو ئـەوانـەی کـە ڕێکناکەون لـە دوای هەچ لقێک لەم لقانەوە، ئەمە جۆرێکە لە داماڵین (التجرید). لەوکاتەدا مێژووی ئەدەبیی هەڵدەستێت بە خستنەڕووی بەرهەمهێنی نموونەیی (مثالی)، واتە تەنها بەرهەمهێن، لەکاتێکدا کە تیۆری ئەدەبیی دەقێکی دیاریکراو چارەسەر دەکات، چارەسەری تیۆری ئەدەبیی تەنها دەقی (النص المجرد) دەکات، بەم شێوەیەیش بەکارهێن (خوێنەر ـ القارئ) بریتییە لە بەکارهێنێکی نموونەیی نەوەک تەنها خوێنەرێک، بەم شێوەیە تیۆری ئەدەبیی لەم مانایەدا جیاواز نییە لە هیچ تیۆرێک کە لە تیۆرەکانی زانستی ئابوری یان سیاسیدا نەبێت، بێجگە لەوەی کە تایبەتمەندە بەلێکۆڵینەوەوە لە یاسا جێگیر و چەسپاوەکاندا.

بنەماکانی تیۆری ئەدەبیی تەنها و سەراپاگیرن، لەسەر ئەم بنچینەیەش وشـەی (تیۆر ـ النظریە) واتە (تیۆرەکان ـ النظریات) وە پێویست نییە بۆ ئەم بنەمایانە کە یەک بن لەلای هەموو بینەران، ئەمەش ڕەگـەزێـک فـەرامـۆشـدەکـات و یەکێک لە کاردەخات، یان دان بە سێیەمدا نانێت، خوێنەری بەکارهێن بۆ نموونە دەرکـەوتـووە لـەم تیۆرەدا نادیارە لەویتردا....